**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەبڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم)لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٠٥ی هەموارکراو،بڕیارماندا بەدەرکردنی بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی رۆژی ٢٠١٩/٨/٣ پەسەندی کردووە.

**بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**دیاریکردنی رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەک رۆژی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) ئێزدییەکان**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نا ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٩/٨/٣ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-

**یەکەم:** ئەو کوشتار و کۆمەڵکوژیەی (جینۆساید) دەرهەق بە ئێزدییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجام درا خەسڵەتی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە خۆ دەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین و، دەسەڵاتە دەستوریەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ بەرپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن.

**دووەم:** (٣/ئاب) بەرۆژی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) ئێزدییەکان دیاری دەکرێت.

**سێیەم:** دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بن.

**پێنجەم:** ئەم بڕیارە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و دابین کردنی ماف و ئیمتیازات و قەرەبووکردنەوە و کەم کردنەوەی ئاسەوارەکانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) ئێزدییەکان کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجام دراوە، وە بە مەبەستی زیندوو ڕاگرتن و ڕێزلێنان لە قوربانییەکان، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠١٩/٨/٨**